## گەردیوی شتەکان

مەریوان وریا قانع

## ساڵی وێنە تازەکان

هەندێک ساڵ هەن لەساڵەکانی تر ناچن، ڕووداوەکانی دەتوانن لەشێوەی کۆمەڵێک وێنەدا لە یادەوەریماندا بچەسپێن. لەگەڵ خۆماندا هەڵیانگرینو بیانبەین بۆ ناو ئەو ساڵانەی تر کە دێن. هەر ساڵێک نەیتوانی ئەو وێنانە بەرهەمبهێنێت کە لەیادەوەریدا دەمێنێتەوە، ساڵگەلێکن لەبیر دەچنەوە. وەک ئەوەیان لێدێت کە نەبووبنو نەهاتبن، نەچووبنە ناو تەقویمی تاکەکەسیو دەستەجەمعی کۆمەڵگاو ئینسانەکانەوە. ساڵی پار، ساڵی ٢٠٠٥، یەکێکە لەو ساڵانەی کە لەیادەوەریماندا دەمێنێتەوە، لانیکەم لەیادەوەری مندا وەک کەسێک کە پێیەکم لەمەنفاو پێیەکەی دیم لەنیشتماندایە.

ساڵی ٢٠٠٥ ساڵی داوەریکردنی سەدام حوسەین بوو. وێنەی ئەو داوەرە کوردە کە هێمنانە تەماشای سەدام حوسەینی دەکرد، مەودای قسەکردنو تورەبوونو نووسینەوەی تێبینییەکانی پێدەدا، دوای ئەویش گوێی لەقوربانیەکانی سەدام دەگرتو لێدەگەڕا حیکایەتە کپکراوەکانی ناخیان بگێڕنەوە. دەڵێم ئەو وێنەیە یەکێکە لەو وێنانەی لەیادناچنەوەو بۆ هەر شوێنێک بچینو لەهەر شوێنێک بژین لەگەڵ خۆماندا دەیانبەین. پێموایە وێنەی ئەو داوەرە کوردە هێمنە ساڵانێکی درێژ لەیادەوەری ئێمەو لەیادەوەری ئەو مێژووەدا دەمێنێتەوە کە لەو ناوچەیەدا بە هەڵبەزو دابەزێکی خوێنینەوە بەرهەمدەهێنرێت.

بەدیوی ئەودیویشدا وێنەی سەدام حوسەین وەک تاوانبارێکی پیر، وەک دیکتاتۆرێک کە رەونەقی دەسەڵاتی ونکردووە، وەک پیاوێک بێهودە دەیەوێت مێژووی خوێنینی خۆی بەقورئانەکەی ناودەستی بشارێتەوە، وەک ریشسپییەک کە لەقۆناغێکدا ریشهێشتنەوەی لە وڵاتەکەی خۆیدا یاساغکردبوو، لەبیرناچێتەوە.

وێنەی ئەم داوەرە کوردەو وێنەی سەدام وەک تاوانبارێک پێچەوانەی کۆی ئەو وێنانەن کە ئێمە لە سەرەتای هەفتاکانەوە تا ڕۆژی داوەریکردنی سەدام لەو ژورەدا دیومانو پێیان ئاشنابووین. بە درێژایی مێژووی نێوان ساڵی ١٩٧٨و ٢٠٠٣، ساڵی بوونی سەدام بەسەرۆکی عێراقو ساڵی خستنی لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە، عێراق بەرهەمهێنەری یەک وێنە بوو. وێنەی سەدام وەک پیاوێکی ئەفسانەیی، وەک دیکتاتۆرێکی بەزەبر، وەک جەلادێک کە دەیتوانی ژیان لەزۆربەمان بسێنێتەوەو چۆنیشی بوێت وا بمانمرێنێت. بەژەهر، بەگوللەباران، بەخنکاندنو هەڵواسین، دواتریش ونکردنمان بەجۆرێک قەبرێکیش نەبێت شایەتی لە بوونمان لەو وڵاتەدا بدات. وێنەی ئەو داوەرە کوردەو وێنەی سەدام وەک تاوانبارێکی پیر، پێچەوانەکردنەوەیەکی رادیکاڵی لۆژیکی بەرهەمهێنانی وێنەبوو لەعێراقی زیاد لە سی ساڵی رابردوودا، تێکدانی سیستمێکی وێنەبوو بۆ جێگرتنەوەی بەسیستمێکی نوێ. ئەم جێگۆڕکێیەیە وادەکات وێنەی ئەو داوەرە کوردەو وێنەی سەدام وەک تاوانبارێک سنووری ساڵەکان ببڕنو لەگەڵماندا بۆ ئایندە بێن.

دوو وێنەی تر کە دیسانەوە توانای ئەوەیان هەیە لەیادەوەریدا بمێننەوە، وێنەی تورەبوونو پەلاماری خەڵکی کەلارو ئاکرێ بوو بۆ سەر دەرکەوتەکانی ئەو دەسەڵاتە کوردییەی کە نزیکەی پازدە ساڵە لەکوردستاندا بەرقەرارە. لەقوڵاییدا ئەم پەلامارانە پەلاماری خەڵکی ئەو دوو شارە بوو بۆ سەر ئەو هەلومەرجە سیاسیو ئابووریو ئیدارییەی دوو هێزە باڵادەستەکە لەکوردستاندا خوڵقاندویانە. دەربڕی ناڕەزاییەک بوو کە ساڵانێکی درێژە لەزۆربەی شارەکانی کوردستانو لەهەناوی مێژووی دوای راپەڕینی ئێمەدا پەنگدەخواتەوەو چاوەڕوانی ساتەوەختێکە لەشێوەی وێنەیەکی تورەدا بەرجەستە ببێت.

مانەوەی وێنەکانی کەلارو ئاکرێ لەیادەوەریدا پابەستی هەمان لۆژیکی پێچەوانەبوونەوەی بەرهەمهێنانی وێنەیە کە لەسەرەوە باسمانکرد. ئەم دوو شارە وێنەیەکیان بەرهەمهێنا پێچەوانەی ئەو وێنانەیە کە بەدرێژایی سەدەی بیستەم کورد لەسەرخۆی دروستیاندەکات، وێنەیەک کە کورد خۆی تێیدا وەک قوربانی دەستی داگیرکەران، یان وەک ئەحمەد موختاری شاعیر دەڵێت"وەک چۆلەکەیەک کەوتبێتە داوی منداڵانەوە"، وێنادەکات.

لەسەدەی بیستەمداو لەهەموو ئەو ساتانەشدا کە خەڵکی کوردستان لەدۆخی پەلاماردراندا بوون، پەلاماری ئەو مێژووە ناشیرینو نائینسانەیان داوە کە داگیرکەران لەکوردستاندا دروستیانکردووە، مێژوویەک کە زمانی قسەکردنی لەگەڵ واقیعی ئێمەدا زمانی چەپاندنو بێدەنگکردنو لەناوبردن بووە، زمانی بەرجەستەبوون بووە لەکۆمەڵێک دەزگای سەرکوتو کوشتنو تۆقاندندا. زمانی بەپاشکۆکردنو بێئیرادەکردنو بچووککردنێکی تاکەکەسیو دەستەجەمعی هەمووان بووە.

بەڵام وێنەکانی کەلارو ئاکرێ وێنەی پەلاماری ئەو دوو شارەی کوردستان بوو بۆ ئەو مێژووەی کە پارتیو یەکێتی لەپازدە ساڵی رابردوودا بەرهەمیانهێناوە. وێنەی ناڕەزایی دەربڕینو تورەبوون بوو لەدەسەڵاتێک کە تەمەنی بەقەدەر تەمەنی پێشمەرگایەتیکردنی دوای هەرەسی ١٩٧٥ درێژە، ئەوانەی لە پازدەساڵی نێوان ١٩٧٥ەوە پێشمەرگەبوون، لە ١٩٩١ەوە بۆ ئەمڕۆکە حاکمی کوردستانن. تەمەنی حوکمکردنیان رێک بەقەدەر تەمەنی پێشمەرگایەتییانە، ئەگەر لای زۆربەیان زۆر درێژتریش نەبێت. بەمانایەکی دیکە ناڕەزایی ئەو دووشارە، ناڕەزایی کۆمەڵگای ئێمەیە لەگۆڕانی خێراو بێیاسای سەرمایەی مەعنەویی پێشمەرگەکانی دوێنێ بۆ سەرمایەیەکی ئابوریی زەبەلاحی پشتئەستوور بەدەسەڵاتێکی رەفزکەر بۆ هەر سیستمو بەهاو توانایەکی لێپرسینەوە. دەسەڵاتێک کوردستان وەک دیوەخانێکی گەورە تەماشادەکات.

وێنەکانی ئاکرێو کەلار وێنەیەکن دژ بەم لۆژیکی بەدیوەخانکردنەی کوردستان، وێنەی دوو شارن دەیانەوێت وەک شار مامەڵەبکرێن، وەک شار رێزیانبگیرێت نەک وەک دیوەخانێکی حیزبی کە چەند ئاغایەکی سیاسی بیبەنبەڕێوە. ئاکرێو کەلار هەندێک لەدەرکەوتە ناشیرینەکانی ئەو مێژووە نیشانئەدەن کە لەپازدە ساڵی رابردوودا هێزە کوردییەکان بەرهەمیانهێناوە. هێرشی شێوازە تورەکەی کوردبوونە بۆسەر ئەو شێوازانەی کوردبوون کە لەگەندەڵیو ناشیرینیو ناعەدالەتییەوە دێنو تێکەڵ بەمێژووی ئێمە دەبن.

لەڕاستیدا وێنەکانی کەلارو ئاکرێ وێنەی تێکشکانی حەرامێک بوون کە کۆمەڵگای ئێمە چیدی توانای تەحەمولکردنو پاراستنی نەماوە، حەرامی پەلاماری کورد بۆ سەر دەسەڵاتی کوردیی خۆی.

بۆیە ساڵی ٢٠٠٥ چەند ساڵی داوەریکردنی مێژووی ئێمە بوو بۆ دیکتاتۆریەتی سەدام، لەهەمانکاتدا ساڵی سەرەتای داوەریکردنی مێژووی کوردییە بۆ دەسەڵاتدارانی کورد. ساڵی ٢٠٠٥ ساڵی بێزاربوونی مێژووی ئاسایی خەڵکی ئێمە بوو لەمێژووی سیاسی حیزبەکانی، لەمێژوویەک دەسەڵاتدارانی کورد بە بێباکییەکی بێوێنەوە بەرهەمدەهێنن.

# لە ٢٠٠٥دا لە کەرکوک: ١٤٤٥هاوڵاتی ڕووبەڕووی هێرش بوونەتەوە



دیمەنێک لە ژیانی پۆلیسی کەرکوک

**بەپێی ئەو ئامارانەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوک ئامادەی کردوون، ساڵی ٢٠٠٥ بۆ شاری کەرکوک خوێناویترین ساڵ بووە لەدوای روخانی رژێمی عێراقەوە.**

تایبەت بە ئاوێنە: لەو ئامارەدا کە دانەیەکی دەست ئاوێنە کەوتووە لەساڵی ٢٠٠٥دا شاری کەرکوکو دەوروبەری رووبەرووی ١٤١٨ کردەوەی چەکداری بوونەتەوەولە کۆی ئەو هێرشانە ١٤٤٥ بوونەتە قوربانی کە تێیدا ٢٧٠ کەس کوژراوەو ١١٧٥ کەسی تریش بریندارببوون.

لەو ئامارەدا دەرکەوتووە کە ساڵی رابردوو بەپێچەوانەی ساڵی پێشووترەوە هاوڵاتیانی مەدەنی قوربانی سەرەکی کاری توندوتیژی بوون دواتر پۆلیسی عێراق و پاش ئەوانیش سەربازەکانی سوپای عێراق.

لەمبارەیەوە عەقید یادگار شوکور بەڕێوەبەری هەماهەنگی عەمەلیاتی هاوبەش لەکەرکوک بە ئاوێنەی راگەیاند کەکارە توندوتیژییەکانی ناو کەرکوک سەرەتا لەناوچەکانی دەرەوەی شارو گەڕەکە تێکەڵ لەعەرەب وکوردو تورکمانەکانەوە دەستی پێکردووە، دوای ئەوەش چەکدارەکان توانیویانە ئەو کردەوانە بۆ سەنتەری شار بگوێزنەوە.

عەقید یادگار لەدرێژەی وتەکانیدا وتی:"هۆی کردنە ئامانجی هاوڵاتیانی مەدەنی لەلایەن گروپە توندڕەوەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ تێکچوونی شیرازەی گروپەکان".

**لەلاپەڕە ١٠دا دەقی تەواوی راپۆرتو ئامارەکە بخوێنەرەوە.**

## پارێزگای کەرکوک ـ گەرمیان فەرمانبەری نامێنێت

**فەرمانبەرانی پارێزگای کەرکوک ـ گەرمیان کە لەدەرەوەی شاری دەربەندیخان نیشتەجێن لەڕۆژی ١/١وە بەهۆی ئەوەوە کە ئۆتۆمبیلیان نەماوە تابیانگوازێتەوە دەوام ناکەن.**

گەرمیان، ئاوێنە: بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران ئیدارەی سلێمانی ئەو فەرمانبەرانەی پارێزگای کەرکوک ـ گەرمیان کە لەدەرەوەی شاری دەربەندیخان نیشتەجێنو ئۆتۆمبیلی هاتوچۆیان لەلایەن حکومەتەوە بۆ دابینکراوە لەمەودوا ئۆتۆمبیلیان نابێتو فەرمانبەرەکانیش دەوام ناکەن.

ئەم فەرمانبەرانە نزیکەی ١٣٠ کەس دەبن و پێشتر بەئۆتۆمبیلی تایبەت لەشارەکانی سلێمانیو کەلارەوە بۆ دەوامی ئاسایی رۆژانە دەگواسترانەوە بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بەپارێزگای کەرکوک ـ گەرمیانو ئێستا بەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیران نێردراونەتەوە شارەکانی خۆیان تاکو لەوێ شوێنیان بۆ دیاری دەکرێت.

لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ ئاوێنە پارێزگاری کەرکوک — گەرمیان مەلا سەعید رایگەیاند "نەهاتنی ئەم فەرمانبەرانە تووشی کێشەی گەورەمان دەکاتو سەرووی خۆشمان لەسلبیاتی ئەم بڕیارە ئاگادارکردۆتەوە بەتایبەت کە بەشێکی زۆریان ژمێریارن."

دەربارەی شوێنگرتنی ئەم فەرمانبەرانە، مەلا سەعید وتی:"بەرپرسان دەڵێن خەڵکی شاری دەربەندیخانتان بۆ دادەمەزرێنین." ، تائێستا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هیچ روونکردنەوەیەکی لەم بارەیەوە رانەگەیاندووە.

## ٢٢٠٠٦ کەس لەماوەی ساڵێکدا لەدایک دەبن

بەپێی ئەو ئامارانەی لە شاری سلێمانیو دەوروبەری ئەنجامدراوە، جگە لەقەزای هەڵەبجەو رانیەو قەڵادزێ، ٢٢٠٠٦ کەس لەساڵی ٢٠٠٥ لەدایک بوونو ٣٢٥٧ کەسیش مردوون. ئەم تۆمارانە لەفەرمانگەی تەندروستی شاری سلێمانی تۆمار کراوەو لە ٢٠٠٥/١/١ تا ٢٠٠٦/١/١ دەگرێتەوە.

سارا قادر،سلێمانی: لەکۆی ئەو منداڵانەی لەدایک بوون، ١١١٧٩ یان کوڕنو ١٠٨٢٧ یان کچن. رێژەی مردنیش بەم شێوەیە پۆلێن کراوە کە ٤٢٤ یان منداڵی خوار تەمەن یەک ساڵ بوونو ٢٥٩ یان کوڕ بوونو ١٦٥ یان کچ، هەروەها ٩٠ منداڵی تەمەن ( ١ بۆ ٤) ساڵ مردووە کە ٥٨ یان کوڕ بوونو ٣٢ یان کچ. رێژەی مردنی تەمەن ٥ ساڵو بەرەوژووریش گەیشتۆتە ٣٢٥٧ کەس کە ١٧١٠ نێر بوونو ١٠٣٣ مێ.

## ئەو کەسەی بەتۆمەتی تەقینەوەکانی خانەقین دەستگیر کراوە، باری دەروونی تەواو نییە"

**بەتۆمەتی بەشداریکردن لەتەقینەوەکانی خانەقین کەسێک دەستگیر دەکرێت کە بەپێی گوتەی سەرچاوە ئەمنییەکانی ئەو شارە، باری دەروونی تەواو نییە.**

جەزا محەمەد، تایبەت بەئاوێنە: لەسەر داوای دەزگای موخابەراتی عێراقی لەدیالە گەنجێک بەتۆمەتی بەشداریکردن لەتەقینەوەکانی خانەقینی رۆژی ١١/١٧ دەستگیر دەکرێت، کەبەپێی گوتەی قایمقامو سەرچاوە ئەمنییەکانی خانەقین ئەو کەسە باری دەروونی تەواو نییەو بەهیچ شێوەیەکیش پەیوەندی بەئەنجامدەرانی ئەو تەقینەوەیە نەبووە.

لەمبارەیەوە محەمەد مەلا حەسەن قایمقامی قەزای خانەقین بەئاوێنەی راگەیاند ئەو کەسەی دەستگیر کراوە یەکێکە لەعەرەبە رەسەنەکانی (ناودۆمان)ی نزیک خانەقینو پێدەچێت دوورو نزیک ئاگاداری ئەو تەقینەوانە نەبێت، هەروەها وتی:"گەنجەکە باری دەروونی تەواو نییە".

لەلایەکی ترەوە سەرچاوەیەکی باڵا لەپۆلیسی دیالە بەئاوێنەی راگەیاند کە موخابەراتی عێراقی لەدیالە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامییەوە سەرپەرشتی دەکرێتو ئەوان بێ هیچ لێکۆڵینەوەیەک داوایان لەپۆلیس کردووە گەنجەکە دەستگیر بکەن، سەرچاوەکە وتی:"گەنجەکە باری دەروونی تەواو نییەو هەر رۆژەو لەلێکۆڵینەوەدا شتێک دەڵێتو تائێستا هەشت کەسی تر بەهۆی ئەوەوە دەستگیر کراوە".

جێی باسە تەقینەوە خۆکوژییەکانی شاری خانەقین رۆژی ٢٠٠٥/١١/١٧ دژ بەدوو مزگەوتی حوسەینییە لەشارەکە ئەنجامدرانو ٨٩ کوژراوو نزیکەی سەد بریندارى لێکەوتەوە.

## لەماوەی ١١ مانگدا ١٢٦١ ڕووداوی ئۆتۆمبیل ڕوودەدات

**لەماوەی ١١ مانگدا لەکۆی ١٢٦١ ڕووداوی ئۆتۆمبیل، ٢٠٩ کەس گیان لەدەست دەدەنو ١١٣٥ کەسیش بریندار دەبن.**

پشتیوان جەمال، سلێمانی: ئەم ئامارانە کە لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی شاری سلێمانی تۆمارکراوە لە ١/١/ ٢٠٠٥ەوە تاکو ٢٠٠٥/١٢/١ دەگرێتەوە، لەکۆی ئەو ٢٠٩ کەسەی گیانیان لەدەستداوە، ١٤٤ یان نێرنو ٦٥ کەی تریان مێن، هەروەها لەنێو بریندارەکانیشدا ٩٧٨ کەسیان نێرنو ٣٥٧ یان مێن.

## دوو زیندانی مەعەسکەر سەلام هەوڵی هەڵاتن دەدەن

**ماوەیەک لەمەوبەر دوو زیندانی بەندیخانەی چاککردنی کۆمەڵایەتی (مەعەسکەر سەلام) هەوڵی هەڵاتن دەدەن، بەڵام لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەکەوە پێدەزانرێنو رێگرییان لێدەکرێت.**

سلێمانی، ئاوێنە: دوو بەندکراوی بەشی سزا قورسەکانی مەعەسکەر سەلام کە بەسزای لەسێدارەدران حوکم درابوون، ماوەیەک لەمەوبەر پلانێکیان بۆ هەڵاتن لەو بەندیخانەیە رێکخستبوو، بەڵام پاش چەند رۆژێک لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەکەوە پێدەزانرێتو رێ لەهەڵهاتنیان دەگیرێ.

ئاوێنە هەوڵیدا بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەکە هەواڵەکە پشت راست بکاتەوە، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون هیچ لێدوانێک بدەن، لەلایەکی ترەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار بەئاوێنەی راگەیاند بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەکە لەرێی چەند بەندکراوێکەوە بەحاڵەتەکەیان زانیوەو رێگریان لێکردووە.

## لەماوەی دوو ڕۆژدا لە کەرکوک سێ تەقینەوەی ئوتومبێلو کارێکی خۆکوژی ئەنجام دەدرێت



بۆریەکانی نەوت ئامانجێکی سەرەکی کردەوە توندتیژەکانی ناوچەی کەرکوکە

**سەرلەبەیانی ڕۆژی ١/٢ لە ئەنجامی کردەوەیەکی خۆکوژی لەبەردەم سەربازگەی کەیوان دوو تیرۆریست دەکوژرێن، پاش ئەوەی لەبەردەم دەزگای سەربازگەی کەیوان خۆیان تەقاندووەتەوە.**

کەرکوک، ئاوینە: بەرپرسی سوپای عێراقی لەکەرکوک لیوا ئەنوەرحەمە ئەمین بە ئاوێنەی ڕاگەیاند "تیرۆریستەکان ویستویانە ئوتومبیلەکەیان بێننە ناو سەربازگەکە، بەڵام پاسەوانەکانمان ناچاریان کردوون خۆیان بەبەربەستە کۆنکرێتیەکاندا بتەقێننەوە، لەئەنجامیشدا تیرۆریستەکان گیانیان لەدەستداوە".

لەلایەکی تریشەوە ڕۆژی ١/١ لەئەنجامی تەقینەوەی سێ ئوتومبێل لەناو شاری کەرکوکدا چوار هاوڵاتی بریندار بوون کە دوانیان منداڵن، بەڵام زیانی گیانی سەربازەکانی فرەنەژادی نەزانراوە.

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی کەرکوک هەواڵەکەی پشتڕاست کردو وتی: "تەقینەوەی یەکەم لەسەر پردی کۆرنیش بووەو بەچەند ئوتومبیلێکی هێزەکانی فرەنەژاددا تەقیوەتەوە، جگە لەزیان کەوتن لە ئوتومبیلێکی جۆری هەمەری ئەمەریکی، زیانی گیانی نەزانراوە، ئوتومبێلی دووەمیش بە مەفرەزەیەکی پۆلیس لە ناوچەی قەسابخانەی ناوەندی شاری کەرکوک تەقیوەتەوەو دوو منداڵو ژنێکی بەتەمەن بەسوکی بریندار بوون، سەرلەئێوارەش لە پێشانگای ئوتومبێل ئوتومبێلێکی مین چێنراو تەقیوەتەوەو تەنها هاوڵاتیەکی مەدەنی بەسوکی بریندار کردووە".